بێستون ئەحمەد حسێن

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان‌و کاریگەریی لەسەر فراوانبونی رووبەری قەڵادزێ



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

بێستون ئەحمەد حسێن

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان و کاریگەریی لەسەر فراوانبوونی روبەری قەڵادزێ

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
Kurdistan Center for Strategic Studies

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

دەزگایەکی کەلتورییە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی‌یە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی‌و سیاسەتی نێو دەوڵەتان‌و ئابوری‌و مەسەلە ستراتیجییەکان‌و مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نیە.

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەن‌و بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن.


Fered1956@yahoo.com
Fareed.as1956@gmail.com



- بێستون ئەحمەد حسێن
- شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوان
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان
- سلێمانی ٢٠١٥
- لەبەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکان: ژمارە (١٢٦٨)ی ساڵی ٢٠١٥ی دراوەتێ
- ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی سەنتەر: ٥\ ١٣٦\ ١٥

## پێشەكی

لێكۆڵینەوەكان لەبواری جوگرافیای شار ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێشكەوتن و فراوان بوون بە خۆیانەوە دەبینن لەڕووی هەمەجۆری بابەتەكان، هەر بۆیە دەركەوتنی پسپۆڕی لەبابەتە هەمەچەشنەكانیداو زۆربوونی میتۆدی توێژینەوەكانی بەڵگەن لەسەر ئەم ڕاستیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەجوگرافیای شار لەگۆڕانكاری بەردەوام و خێرادایە بەبەراورد لەگەڵ لقەكانی تری جوگرافیا، لەگەڵ ئەوەی ئەم بوارە لە گۆڕەپانی جوگرافیادا مێژوویەكی قوڵی هەیە، بەڵام دەركەوتنی وەك سیستەمێكی تازە دەگەڕێتەوە چلەكانی سەدەی ڕابردوو.

گەشەی دانیشتوانی شارەكان یەكێكە لەبابەتە گرنگ و هەستیارەكانی چوارچێوەی جوگرافیای شار بەتایبەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا،چونكە گەشەی دانیشتوان كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پلان دانان وئاوەدانی شارەكان,هەروەها وێنەی بوارێكی گرنگ لەكۆڵەكەكانی پەرەپێدان دەنوێنێت, هەربۆیە لە زۆربەی شارەكانی هەرێم گرنگی بەگۆڕانكاریەكان وگەشەی دانیشتوان دەدرێت، بەمەبەستی پەرەپێدانی ئابووری و كۆمەڵایەتی وئاوەدانی بەشێوازێكی زانستی ڕاست ودروست كەبەجێ بەجێ كردنی ژیانێكی شیاو بۆتاكەكانی كۆمەڵگە دەستە بەربكات. دەكرێت بڵێین زۆربەی ئەو كێشانەی كەئەمڕۆ لەشارەكاندا دروست دەبن بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوەیە ئەویش لەژێر كاریگەری كۆمەڵێك هۆكاری وەك زیادبوونی سروشتی وكۆچی

بەلێشاوی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان لەلایەك، وە نەبوونی سیاسەت وپلانێکی گونجاو بۆکۆنترۆلکردنی ئەوگەشەکردنە خێرایەی کەلەشارەکاندا ڕوودەدات لەلایەکی ترەوە، لەهەمان کاتدا ئەم گەشەکردنەش بۆتە هۆی ئەوەی کەچەندەدەرئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە، یەکێك لەو دەرئەنجامانەش خێرایی فراوانبوونی ڕووبەری شارەکانە لەسەرحسابی زەویە کشتوکاڵیەکان ولادێکانی دەوربەری کە بۆتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی زۆربەی پسپۆڕانی بوارەکانی ئابووری کۆمەڵایەتی بەتایبەتی پسپۆڕانی بواری دانیشتوان وپلان داڕێژەرانی شار کە بەووریایەوە مامەڵە لەگەڵ گەشەی دانیشتوانی شارەکان وئەو دەرئەنجامانەدا بکەن کە بەهۆیەوە لە شارەکاندا ڕوودەدات.

ئەم لێکۆڵینەوەش لەسەر ئاستی شاری قەڵادزێ بایەخی خۆی هەیە، چونکە لەمیانەی ئەو لێکۆڵینەوەدا شێوازی گەشەکردنی دانیشتوانی شارەکەو چۆنیەتی کاریگەریەکەی بەگوێرەی قۆناغەکانی گەشەکردن لەسەر گۆڕانکاریەکانی ڕووبەرو ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شارەکە ڕوون دەبێتەوە.

**گرنگیی لێکۆڵینەوەکە :**

ئەنجام دانی ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگیەکەی لەوەدایە کە بوارێکی پڕ بایەخ و کاریگەر لە بواری جوگرافیای شار تاوتوێ دەکات، کەبە هۆیەوە ئەو گیروگرفت و کەم و کورتیانە دەزانرێت کە لە شاردا ڕوودەدات، ئەویش گەشەکردنی دانیشتوانە لەشاری قەڵادزێ، هەروەها چۆنیەتی ئاڕاستەی گەشەی دانیشتوان وجیاوازی ئەم گەشەکردنە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەگوێرەی سەرژمێری و ئامارەکان شی دەکاتەوە، لەگەڵ دەرخستنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی جیاوازی ئەم گەشەکردنە. لەهەمان کاتدا یەکێك لەودەرئەنجامانەش تاوتوێ دەکات کەبەهۆی گەشەی دانیشتوانەوە لەشارەکەدا ڕوویداوە کەفراوانبوونی ڕووبەرەکەیەتی، لەهەمانکاتدا گەشەی دانیشتوان بەگوێرەی تێپەڕبوونی قۆناغەکانی گەشەکردن بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە بەخۆیەوەبینیوە, ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر گۆڕانی ڕووبەری شاری قەڵادزێ, بەشێوەیەك لەهەر قۆناغێکی مۆرفۆلۆجی دا لەگەڵ گۆڕانی ڕێژەی گەشەی دانیشتوانەکەی دا ڕووبەرو ئاڕاستەکانی فراوانبوونی شارەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە

لەهەندێك قۆناغ دا گەشەی دانیشتوان وفراوانبوونی ڕووبەری شار سروشتی ئاسایی خۆی وەرنەگرتووە، ئەمەش دەكرێ بكرێت بەبنەمایەك بۆئەنجامدانی پەرەپێدان وبەرجەستەكردنێكی گونجاو لەبوارە جیاوازەكانی شاردا.

## ئامانجی لێكۆڵینەوەكە :

گەشەی شاری قەڵادزێ و فراوانبوونی ڕووبەرەكەی لەژێر كاریگەری كۆمەڵێك هۆكاری تایبەت بەشارەكە وەتێپەڕبوونی بەبارودۆخێكی دژواری ڕامیاریدا بۆتە هۆی ئەوەی لەهەندێك لەقۆناغەكاندا بەشێوەیەكی ڕێك وگونجاو دەرنەكەوێت، بەمەبەستی ئەوەی ببێتە دەروازەو ڕوانگەیەك بۆ بەرپرسان و لایەنەكانی پەیوەندی دار و پلان داڕێژەرانی شار تاكو پلانێكی شیاو دابڕێژن لەپێناوی هێنانەدی جۆرێك لەهاوسەنگی لەنێوان گەشەی دانیشتوان ودابین كردنی ڕووبەرو ئاراستەی پێویست و بەكارهێنانەكانی زەوی كە یارمەتی دەربێت بۆ پڕكردنەوەی پێداویستی و داواكاریەكانی دانیشتوان و پەرەپێدان لە شارەكەدا.

## پلانی لێكۆڵینەوەكە :

بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجی لێكۆڵینەوەكە, پلانە كە دابەشكراوە بۆسەر پێشەكی و چوار بەش:

**بەشی یەكەم:** بۆناساندنی شاری قەڵادزێ تەرخانكراوەكە، كەبۆدووباسی سەرەكی دابەشكراوە، بریتین لە شوێنی جوگرافی و ڕەهەندی دیمۆگرافی.

**بەشی دووەم:** تایبەتە بەگەشەی دانیشتوان كە پێكهاتووە لە سێ باسی سەرەكی لەیەكەمیاندا قۆناغەكانی گەشەی دانیشتوان خراوەتە ڕوو، لەدووەمیاندا ڕەگەزەكانی گەشەی دانیشتوان (زیادبوونی سروشتی و كۆچ) باسكراوە، باسی سێیەمیش بۆ هۆكارە سروشتی و مرۆییەكانی گەشەی دانیشتوان تەرخان كراوە.

**بەشی سێیەم:** لەچوارچێوەی ئەم بەشەدا لێكۆڵینەوەكە باس لەفراوانبوونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ دەكات، كە دابەشكراوە بۆ دوو باس، یەكەمیان

شێوازەکانی فراوانبوونی ڕووبەری شاری تیایدا باسکراوە، دووەمیان بۆ قۆناغە کانی فراوانبوونی ڕووبەری شار تەرخانکراوە.

**بەشی چوارەم:** دوابەشی لێکۆڵینەوەکەیە تایبەتە بەپێشاندانی ئایندەی گەشەی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ و کاریگەری لەسەر ئاڕاستەکانی فراوانبوون و مۆرفۆلۆجیەکەی،پێکهاتووە لەدوو باس، لەیەکەمیاندا ئایندەی گەشەی دانیشتوانی شارەکە باسکراوە، لەدووەمیشیاندا ئاڕاستەکانی فراوانبوونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ وکاریگەری لەسەر ئایندەی مۆرفۆلۆجیی شارەکە خراوەتە ڕوو.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بەشانەدا, لێکۆڵینەوەکە بەچەند دەرئەنجامێك گەیشتووە,لەگەڵ خستنەڕووی چەند ڕاسپاردەیەك بەئامانجی سوودگەیاندن و پەرەپێدان و گەشەکردنی ئاوەدانی لەشارەکەدا.

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە :

لەماوەی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەدا توێژینەوەکە ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێك بۆتەوە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- شاری قەڵادزێ بەهۆی کاریگەریی شوێنە جوگرافیەکەیەوە لە زۆربەی کاتەکاندا بە بارودۆخێکی خراپی ڕامیاری دا تێپەڕیوە,بەتایبەت لە ساڵی ١٩٨٩ تەواوی شارەکە ڕادەگوێزرێت. لەبەرئەوە بۆ بەدەست هێنانی داتاو زانیاریەکان لە هەندێ کاتدا ئاستەنگ دەهاتە بەردەم توێژینەوەکە, چونکە بەشێك لە داتاکان لە کاتی ڕاگواستن لەناوچووبوون.

٢- کەمتەرخەمی هەندێك لە لێپرسراوانی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بەپێدانی زانیاری و داتا، وە هەست نەکردن بەگرنگی ئەم جۆرە توێژینەوانە.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :

دیارە هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وا دەخوازێت کە میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی ڕوون و ئاشکرای تێدا بەکاربهێنرێت، بەئامانجی سود گەیاندنی زیاتر بەلێکۆڵینەوەکە، دیارە لەم لێکۆڵینەوەیەدا میتۆدی (مێژووی و

شیکاری و بەراووردکاری) بۆشیکردنەوەی گەشەی دانیشتوان وچۆنیەتی کاریگەرەکەی لەسەر فراوانبوونی ڕووبەری شاری قەڵادزێ بەکارهاتووە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆدەرخستن وڕوونکردنەوەی ئاڕاستەی گەشەی دانیشتوانی شارەکەپشت بەسەرژمێریە گشتیەکانی دانیشتوان بەستراوە، لەهەمان کاتیش دا بۆ بەدەست هێنانی نەخشەکانی شاری قەڵادزێ بە گوێرەی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکان پشت بەستراوە بە وەزارەتی پلان دانان و سەرۆکایەتی شارەوانی قەڵادزێ و فەرمانگەی خانووبەرەی قەڵادزێ. لەهەمان کاتدا هەوڵدان و بە دواداچوونی زیاتری توێژەر بەئامانجی بەدەست هێنانی زانیاری ووردو ڕاستەقینە, ئەویش لەمیانەی سەردانی مەیدانی ڕاستەوخۆی توێژەر بۆ ناوچەو بەشە جیاجیاکانی شاری قەڵادزێ,ئەمە سەرەڕای چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ کەسانی پسپۆرو شارەزاو پیاو ماقوڵانی شارەکە کەشارەزاییان لەبارەی هەندێك بابەتی تایبەت بەشارەکە هەبووە. ئەمە جگە لەوەی کە چەند ڕێگاو هاوکێشەی زانستی و پرۆگرامی کۆمپیوتەری بەکارهێنراوە بۆ دیاری کردن وڕوونکردنەوەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان وفراوانبوونی ڕووبەری شارو خستنەڕووی نەخشەی جیاوازی شار بەگوێرەی تێپەڕبوونی قۆناغە مۆرفۆلۆجیەکان.

سەبارەت بەدیاری نەکردنی ماوەی زەمەنی لێکۆڵینەوەکە وا پێویست بوو ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧- ٢٠٠٩) بەچوارچێوەی زەمەنی لێکۆڵینەوەکە دەست نیشان بکرێت، چونکە سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) بە دروست ترین و گونجاوترین سەرژمێری هەژمار دەکرێت کە تا ئێستا لە عێراقدا ئەنجام درابێت لەگەڵ بوونی نەخشەی گونجاو لەو ماوەیەدا کەسنووری شاری قەڵادزێ ی تیایدا دەست نیشان کراوە، هەروەها ساڵی (٢٠٠٩) لەسەر ئەو بنەمایە وەرگیراوە کە لەو ساڵەدا دەستەی ئاماری هەرێم پرۆسەیەکی ئامارو ژمارەلێدانیان بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام داوە.